## چاوپێکەوتن لەگەڵ:

# سلاڤۆی ژیژەک



سازدانی: مایک بولاجیڤسکی

و. وەلید عومەر

ژیژەك کە فەیلەسوفێکی چەپی سلۆڤینییە، لەم گفتوگۆیەدا وەك زۆربەی جارەکان، خوێنەر و گوێگر دەجوولێنێت. ڕەهەندی دیکەی دونیا و واقیع دەردەخات و لە ڕیسکی تیۆرییش ناکەوێت. زۆرجار لەسەر بابەتێکی گەرم، یان فیکری، ئەنجامێکی پێچەوانە درووستدەکات و پاشان ئەرگۆمێنتی بۆ دەدۆزێتەوە. ئەمەش لە قودرەتێکی تیۆرییەوە دێت کە ئارامناگرێت و بۆ کەمترین دۆزینەوەی نویٚ دەگەڕێت. ژیژەك لە سیاق و کۆنتێکستدا شت دەخوێنێتەوە و ڕوانینێکی دەرە-سیاق و دۆگمایی نیە بۆ دیاردەکان و ڕووداوەکان. چەندێك کێشەی لەگەڵ ڕاست و کۆنزەرڤاتیڤ و لیبراڵ و هتدا هەیە، ڕەنگە ئەوەندە کێشەشی لەگەڵ چەپی باودا هەبێت. لەم گفتوگۆیەدا، هەست بە فشاری ئاڵۆزیی زیادلەڕادەی سیستەمەکە دەکەیت لەسەر ڕوانینی ژیژەك؛ هەروەها دەرگیربوونی چەندلایەنەی ژیژەکیش لەگەڵ دیاردەکانی ناو سیستەمەکەدا. بەر ئەو خەمەشی دەکەوین کە نوسینی شتی قووڵ، لەمڕۆدا تێگەیشتن درووستناکات و سەرەنجام تەنیاییەکی فەیلەسوفانەی بۆ دەمێنێتەوە. ڕەنگە ئەمە دۆخێکی سەرتاپاگیری جیهانی بێت و چڕبوونەوە و تەرکیز لەبەردەم مەترسیی خێرایی و ئاسۆییبوونەوەدا بێت. لە لایەکی تریشەوە ژیژەك گەر شتێکیش نەسەلمێنێت، ئەوا مرۆڤ ڕاڕادەکات. زبرییە سیاسییەکەی لە مارکسەوە وەرگرتووە و ڕەشبینی(یان واقیعبینییە) بونیادییەکەشی لە دەروونشیکارییەوە. بۆ خوێنەری کورد، ژیژەك کۆمەڵێك ئیلهام دەبەخشێت وەك: فرەڕەهەند بوون لە بینینی ژیان و واقیعدا، دووربوون لە دۆگمی میکانیکی(نەك دیالەکتیکی)، تێگەیشتن لە پەیوەندیی پێچاوپێچی شتەکان، جیاکردنەوەی «کۆن»ـی ڕزگاریخوازانە لە «کۆن»ـی سەرکوتکەرانە و هتد. ستایلی نوسین و دەربڕینی ژیژەك سینەمایی و پارچەپارچەیە، بەڵام ئەمە پەیوەندیی بە بزووتن و دینامیکییەتی فیکری ئەوەوە هەیە.

**بولاجیڤسکی: باشترین دەق کە بۆ تێگەیشتن لە بەرهەمەکانی تۆ بخوێنرێتەوە، چیە؟**

**ژیژەك: وێڕای ئەوەی چەند کتێبێك بۆ تێگەیشتن لەم زەمینە فەلسەفییە هەیە، ڕەنگە یەکەمین کتێبی هاوڕێ و هاوکارم "ئالێنکا زۆپانچیچ" دەربارەی لاکان و کانت بەناونیشانی *ئەخلاقی ڕیاڵ*[1] بەجۆرێك لە جۆرەکان بکەوێتە سەرووی هەموویانەوە.**

**بەڵام پەیوەندییشی بەوەوە هەیە کە مەبەستتان لە چ جۆرە نوسینێکە، چونکە ئاشکرایە لەو دەیەی دواییدا دوو چەشن نوسینم هەبووە: لەلایەکەوە هەندێك کتێبی فەلسەفییتر هەن کە عادەتەن دەربارەی هیگڵ، فیکری پاش هیگڵی، هایدگەر، ئسلوبی ترانسێندێنتاڵ بەرەو فەلسەفە، زانستەکانی مێشك، و هتدن. لەلایەکی تریشەوە، ئەو بەرهەمانەی کە دەرگیری سیاسەتن. سەرەتا، پێموایە کتێبە فەلسەفییەکانم زۆرباشترن. ئەو نوسینانەم کە سیاسییترن وەك *جورئەتی نائومێدی*[2] و *دژی هەڕەشە دووقاتەکە*[3] و هتد لەو شتانەن کە خۆم متمانەی زۆرم پێیان نیە. پێموایە ئەمانە لەپێناوی شتانێکدا دەنوسم کە هەستدەکەم دەبوو**

---

[1]. Ethics of the Real
[2]. The Courage of Hopelessness
[3]. Against the Double Blackmail

کەسانێکی تر بیڵێن. بەڕاست بۆچی ئەوانەی کە پیشەییتر(پرۆفیشناڵتر)ن ئەم ئەرکە ڕاناپەڕێنن؟

سەبارەت بە کتێبە فەلسەفییەکان، پێموایە ئەمانە پاشکۆی *لە هیچ کەمتر*[4] و *پاشەکشەی موتڵەق*[5] بن. پێموایە ئەمانە دوا دەربڕی پێگەی فەلسەفیی منن تا ئێستا. ئێستا خەریکم لێی تێدەپەڕم، چونکە هەمیشە ئەو بیرۆکەیە وەسوەسەی تێخستووم کە ئەو تێڕوانینە بنچینەییە لەدەستم هەڵهات، کە بەدەستمنەهێنا. ترس و تراوما گەورەکەم تەواوبوونی کتێبە ئەستورەکەم، "لە هیچ کەمتر"، بوو. ئەم کتێبە 1000 پەڕە زیاترە، بەڵام یەکسەر پاش تەواوبوونی، ئەو ترسە بەسەرمدا زاڵبوو کە ئەو فیکرە بنچینەییەم چنگنەکەوتووە، بۆیە هەوڵمدا لە *پاشەکشەی موتڵەق*دا ئەم کارە بکەم. بەڵام ئەمە کتێبێکی قورسترە.

**بولاجیڤسکی: پێتوایە کام چەمك لە بەرهەمەکانتاندا لە هەمووی زیاتر تووشی بەدحاڵیبوون هاتووە؟ هەستدەکەیت شتێك هەبێت کە ئێمەی خوێنەر نەمانەوێت تێی بگەین؟**

ژیژەك: نەك هەر چەمك، بەڵکو هەندێك کایەش هەن کە لێیان تێنەگەیشتوون. پێموایە کتێبە فەلسەفییەکانیشم بەشێوەیەکی ئەوتۆ ناخوێنرێنەوە و زۆرجاریش دووچاری بەدحاڵیبوون(خراپ تێگەیشتن) دەبن. ئامانجی من بریتییە لە

---

4. Less Than Nothing
5. Absolute Recoil

**دەستێوەردانێکی پڕاوپڕ. ئێمە لە چرکەساتێکی فەلسەفیی زۆر سەیر و سەرنجڕاکێشداین کە تیایدا، ئسلوبی هەڵوەشاندنەوە و لێکترازانسازی(دیکەنستراکشن)، کە بە شێوەی جیاجیا لە دوو سەدەی پێشوودا باو بووە، وردەوردە بەرەو ئاوابوون دەچێت [واتە ئێستا سەردەمەکە بەهۆی چەندین میکانیزمەوە تێکڕای شتەکانی خستووەتە بەردەم هەڵوەشانەوە و ترازان]. پاش ئەوە ئێمە(چ ناوێکی لێ بنێین) پوزەتیڤیزمی نوێ، زانستەکانی مێشك، تەنانەت فیزیای کوانتۆمیشمان هەیە: ڕێگە زانستییەکان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە فەلسەفییەکان. ستیڤان هاوکینگ، لە یەکێك لە دوایین کتێبەکانیدا دەڵێت ئەمڕۆ ئیدی فەلسەفە مردووە. زانست خەریکە لە [وەڵامدانەوەی] پرسیارە بنچینەییە فەلسەفییەکان نزیکدەبێتەوە؛ قسەکەی بە مانایەك لە ماناکان ڕاست بوو. ئەمڕۆ گەر بپرسیت «جیهانەکەمان کۆتادارە یان ناکۆتا؟ڕۆحێکی نەمرمان هەیە یان نا؟ ئازادی و ئیختیارمان هەیە یان نا؟»، ئەوا خەڵك بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە ڕوو لە بایۆلۆژیای پەرەسەندنگەرا و زانستەکانی مێشك و فیزیای کوانتۆم دەکەن نەك فەلسەفە.**

**بۆیە، ئایا لەنێوان ئەم دوو جەمسەرە پەڕگیرەدا، جێیەکی گونجاو بۆ فەلسەفە ماوەتەوە؟ جێیەك کە بەتەواوی هیچکام لە تێڕامانی هەڵوەشانەوەگەرایی و مێژووگەرایی نەبێت کە دەپرسێت«کۆنتێکستی کۆمەڵایەتی یان کۆنتێکستی گوتاریی بەرهەمێك چیە؟»، و نەك جۆرە واقیعگەراییەك(ڕیالیزم)ــی کرچوکاڵیش کە دەڵێت: ڕێبدەن با جارێ سەیرێکی واقیع بکەین، و هتد.**

**[لەکاتێکدا واقیع وەك واقیع نەماوەتەوە و تووشی جۆرێك لە مەجازیبوونەوە و هەڵوەشانەوە و فەنتازیازەدەگی هاتووە]**

**عادەتەن، ئەم خاڵە بنەڕەتییەی ناو بەرهەمەکانی من تێناگەن. بۆیە لەدیدی منەوە شتێکی تەواو پێکەنیناوییە کە زۆرجار لەبەر«یەك» نوسین دەکەومە بەر پەلاماری «دوو» لایەن و هەڵوێستی لایەنی بەرامبەر دەدەنە پاڵم. لە دیدی هەندێك لە تیۆریستە هابەرماسییەکانی «گوتار»ـەوە، من پوزەتیڤیستێکی دەروونشیکاری کاڵوخاوم. لەچاوی زانایانی مێشکییشەوە، من هێشتا هەر میتافیزیکزانێکی ئەوروپایی ساویلکەم...هتد.**

**ئێستا ئیتر دەگەینە سەر بەشی سەرنجڕاکێشی مەسەلەکە. لە نوسینە سیاسییەکانیشمدا هەمان شت ڕوودەدات. ڕەنگە بیرتان بێتەوە یان بەر گوێتان کەوتبێت کە چەند مانگێك لەمەوبەر مشتومڕ و ئاڵوگۆڕێکی گاڵتەجاڕانەم لەگەڵ "جۆردەن پیتەرسن" هەبوو[6]. دەزانیت چ شتێك تیایدا بۆ من زۆر پێکەنیناوی بوو؟ لەلایەکەوە، هەڵگرانی نەزاکەتی سیاسی(درووستیی سیاسی)، ڕەگەزگۆڕەکان، هاشتاگی MeToo# (#منیش[7])، بەوە تۆمەتباریان کردم کە-چوزانم- من نەزاکەتی سیاسییم نیە، دژی هاوڕەگەزبازییم، پشتیوانی**

---

[6]. دەتوانیت لەم دوو لینکەوە وەڵامەکانی ژیژەك بخوێنیتەوە:

https://www.independent.co.uk/voices/jordan-peterson-clinical-psychologist-canada-popularity-convincing-why-left-wing-alt-right-cathy-a8208301.html

/https://thephilosophicalsalon.com/a-reply-to-my-critics-concerning-an-engagement-with-jordan-peterson

[7]. کەمپین یان هاشتاگێکی ئەنتەرنێتی بوو دژی چەوساندنەوە و هەراسانکردنی سێکسی و بەتایبەتییش پاش کەیسەکەی "هارڤەی وەینشتاین" لە ئۆکتۆبەری 2017 لەلایەن سەدان هەزارکەسەوە خرایەڕێ- و

**له ترامپ دەکەم و ڕاستڕەوێکی پەڕگیرم و هتد. زۆرێکیان -بەتایبەت پاش ڕەخنەکەی من لە هەندێك دیوی هاشتاگی MeToo# و بزووتنەوەی ڕەگەزگۆڕی- وەکو دوژمنێك سەیرمدەکەن. بەڵام زۆرێك لە لایەنگرانی جۆردەن پیتەرسن کە تووشی کاردانەوە هاتوون بە ڕووی دوو تێکستە کورتەکەی مندا دەڵێن: تۆ نمونەیەکی بێگەردی هەڵوەشانەوەگەرایی، مارکسیزمی کەلتوری، و هتدیت. شتێك کە هەربەڕاست لەو کاردانەوانەدا هەیە دژ بە کارەکانم، ئەوەیە کە زۆرجار دەرهەق بە یەك تێکست، لای دوو لایەنەوە دەکەومە بەر پەلامار. وای دەبینم کە کتێبە کۆنە سیاسییەکەم، *بەخێربێن بۆ بیابانی ڕیاڵ*، زۆر خۆش بێت...[چونکە] هاوڕێ عەرەبەکانم بەوە تۆمەتباریان دەکردم کە زیاد لە ڕادە هاوخەمییم بۆ زایۆنیزم(بزاڤی جوولەکە) دەربڕیوە و بەشێك لە درۆ زایۆنیستییەکانی تیا بڵاودەکەمەوە و هتد. هاوڕێیەکی میسری لە ڕۆژنامەی «الاهرام» کە گرنگترین ڕۆژنامەی میسرە، نزیکەی دوو دەیە لەمەوپێش پێی وتم وەك یەکێك لە چەپەڵترین پڕوپاگەندەچییەکانی زایۆنیزم پەلاماردراویت. لەلایەکی ترەوە، لە *ئۆرشەلیم پۆست*(Jerusalem Post)، کە گرنگترین ڕۆژنامەی ڕاستڕەوی ئیسرائیلییە، بەو بیانووەوە پەلاماردراوم کە گوایا ترسناکترین نوسخەی نوێی دژەجوولەکەیی دەخەمەڕوو.**

**لەم ڕووەوە، ئەمە ئەو شتەیە کە پێموایە لە کاردانەوە بەڕووی کارەکانمدا هێجگار سەیرە. ئەمە بەڵگەیەکی غەمگینانەیە بۆ ئەوەی کە لەڕاستیدا خەڵك شتەکان ناخوێننەوە و دوای هێڵە ئەرگۆمێنتکارییەکەم ناکەون؛ ئەوان تەنیا دوای**

ئەو پارچە بچوك و وتە وەرگیراوانە دەکەون کە بەو جۆرەی خۆیان دەیانەوێت بیخوێننەوە. بەڵام ئەمە ڕەشبینم ناکات. لێرەدا ژان پۆل سارتەر پەیڕەودەکەم کە دەیوت، ئەگەر لەبەر هەمان تێکست کەوتیتە بەر پەلاماری دوو لایەن ئەوا ئەمە یەکێکە لە نیشانە باوەڕپێکراوەکان کە دەریدەخات تۆ لەسەرحەقیت.

**بولاجیڤسکی: ئەی گرفت و ئاماژەی گرفتێك لەوەدا نابینیتەوە؟ مەبەستم ئەوەیە کە ئەم دوو لایەنە، لایەنگرانی زایۆنیزم و نەیارەکانیشی، هەوڵدەدەن پێودانگەکانی گوتارەکە یاخود مشتومڕەکە تۆختربکەنەوە. لەئاستێکدا لایەنگری هەرکام لە دوو لایەنەکە بیت کێشەیەك نیە، بەڵام وەرگرتنی هەڵوێستی سێیەم کارێکی زۆر وێرانکەر یان مشتومڕئامێزە. ئایا لەم مشتومڕانەدا قەتیسبووینە؟**

ژیژەك: بەڵێ ئەم دیبەیت و مشتومڕانە هەڵەن. تێزەکەی من هەر ئەمەیە. بۆنمونە، سەیری نەزاکەتی سیاسی و ڕەگەزگۆڕەکان و هاشتاگی#MeToo بکەن. دەگەن بەو ئەنجامەی کە هەڵبژاردنەکەتان ئەوەیە یان دەستدەدەنە ڕەخنەیەکی موحافیزکارانە لەڕووی ئەخلاقی و عەقڵی باوەوە دەرهەق بە "زیادەڕەوی"یەکانی ڕەگەزگۆڕەکانی نەزاکەتی سیاسی، یاخود بەتەواوی پشتگیری لە ڕەگەزگۆڕگەرایی[8] دەکەن. هەڵوێستی من لەم مەسەلەیەدا،

[8]. Transgenderism

ڕەخنەکردنی هاشتاگی MeToo# یان ڕەگەزگۆڕی نیە لەڕوانگەیەکی ڕاسترەوانە و کۆنزەرڤاتیڤانەوە،بەڵکو ڕەخنەیەکە بەئاراستەی پێشکەوتن و پێشڤەچووندا. ڕەخنە و پیتکی من لە بزووتنەوەی MeToo# ئەوە نیە کە ئەوانە گەیشتوونەتە شێتییەکی زۆر یان زیادلەڕادە بوونەتە مامۆستای ئەخلاق، نەخێر! بەڵکو لەڕاستیدا پەتیگەراییە ئەخلاقییەکەیان و دەمارگیرییەکەیان بەپێی پێویست ڕیشەیی و ڕادیکاڵ نیە.

بە بۆچوونی من، ئیشەکەی لایەنگرانی نەزاکەتی سیاسی لەبنەڕەتەوە ئیشێکی درووستە. ژنان سەرکوتکراون، ڕەگەزپەرستی(ڕاسیزم) بوونی هەیە، و هتد. بەڵام ئەو ڕێگەیەی کە بۆ داغڵبوون بەم مەسەلەیە هەڵیانبژاردووە، ڕێگەیەکی کارا نیە. بەرگری لە فەزای سێیەم ناکەم بۆ سازشکردن. دەڵێم ئەو ڕێگەیەی بۆ چوونەناوەوە بەم پرسانە هەڵبژێردراوە، لەکۆدا هەردووکی هەڵەیە. ڕێبدەن با نمونەیەکتان بۆ بێنمەوە کە زۆرجار وەك کێشەدار سەیردەکرێت. هەنوکە، مشتومڕێکی جدی لەئارادایە کە بەتەواوی پاساوی خۆی هەیە: لەپاش هاشتاگی MeToo# چۆنچۆنی ژوان لەگەڵ کەسێك دەبەستن و شەیدای خۆتانی دەکەن؟ ڕێسا نوێیەکان چیە؟ ڕەنگیشە ئاگاداربن کە من شتێکم لەو بارەیەوە نوسیوە[9].

یەکێك لەو ڕێسایانەی کە خەڵکی هەوڵدەدەن جەختی لەسەر بکەنەوە مافی «وتنی نەخێر»ـە لە هەر چرکەیەکی پەیوەندییەکەدا [واتە هەر چرکەیەك کە

[9]. https://thephilosophicalsalon.com/sex-contracts-and-manners/

ویستیان، بڕۆن و ئەویتر جێبهێڵن] . بۆنمونە، خودی خۆتان، وەك ژنێك تووشی عەشق هاتوون و وەڵامی «بەڵێ»تان داوەتەوە. پاشان لە ناوەڕاستی پەیوەندییەکەدا لەوە تێدەگەن کە بەرامبەرەکەتان مرۆڤێکی کەرتر و گوێپێنەدەرە، بەجۆرێك لە جۆرەکان بازاڕییە، یان تێدەگەیت وەڵامە ئەرێنییەکەتان وەڵامێکی زۆرەملێ بووە. ئیتر ئێوە ئەو مافەتان هەیە پەیوەندییەکە جێبێڵن. بەڵام گەر ئەم ڕێسایە پەیڕەوبکەین ئەوا فۆرمێکی نوێی توندوتیژیی زۆر سوکایەتیپێکەر خۆی قوتدەکاتەوە کە ئەویش توندوتیژییەکی جەستەیی و فیزیکی نیە بەڵکو توندوتیژییەکی دەروونییە. با وای دابنێین پیاوێك ژنێکی عاشقی خۆی کردووە. ژنەکە ساف و ڕاستگۆیانە وەڵامی ئەرێنیی دەداتەوە، ئەم بەڵێیە شتێکی زۆرەملێ و ناچاری نیە. کاتێك ژنەکە عاتفی دەبێتەوە و دێتەجۆش، کابرا دەموچاوی سوورهەڵدەگەڕێت و دەڵێت: «ببورە، مافی ئەوەم هەیە جێت بێڵم، مێشکم گۆڕاوە».

خاڵەکەی من ئەوە نیە کە هەندێجار «نەخێر» بە مانای «نەخێر» نایەت. نەخێر هەمیشە نەخێرە و تەواو. تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە پەیوەندیی سێکسی، پانتاییەکی ئاڵۆزە و مانای شاراوە و تەمومژاویی هەڵگرتووە. ناتوانیت وەریگێڕیتە سەر بڕێك ڕێسا [ـی سادە و میکانیکی]. ڕەخنەی سەرەکیی منیش دەرهەق بەو خوێندنەوەیەی کە بۆ پێشنیارەکانی ئەوان هەمە، هەر ئەمەیە. ڕێسا سەرەکییەکانی عاشقکردن و لەخشتەبردن لە هاشتاگی MeToo#دا بەتەواوی گیرۆدەی تەلیسمی یاساپەرستی[10]ن [و بەدوای چەند یاسایەکی ڕەق و

[10]. Legalism

**میکانیکییەوەن]. پێیانوایە ڕێگەچارەکە ئەوەیە یاساکان ڕوونترببنەوە. بەڵام کێشەکە لەم ئاستەدا چارەسەرنابێت. کۆی ئەو شتەی دەمویست بیڵێم هەر ئەمەیە.**

**من توندوتیژی بە هەند وەردەگرم. وەسوەسەی من(هەروەها هاوکات پێموایە کە یەکێکیشە لە میراتە گەورەکانی ڕەخنەکردنی ئایدۆلۆژیا لە سەدەی ڕابردوودا)، ئەوەیە کە چۆنچۆنی ڕێسایەك یان درووشمێك یاخود مەشقێك کە وادەردەکەوێت فەزا بۆ ئازادی و ڕزگاریی زیاتر دەکاتەوە، کەچی هاوکات دەشتوانێت ببێتە مایەی خراپ بەکارهێنان، یاخود ماتەوزەی کۆمەڵێك پاشهاتی مەترسیداری لەخۆیدا هەڵگرتبێت. وەکچۆن لە جێیەکی تریشدا وتوومە، من وەڵامی ڕوون بۆ کەس ناهێنم؛ حەزدەکەم شتەکان ئاڵۆزبکەم. زۆرجار خەڵکی دەڵێن هەرکاتێ شتت لێ ئاڵۆسکا، ئیدی ئەوە لەسەر فەیلەسوفە بێتو زەینتان ڕوونبکاتەوە. من دەڵێم نەخێر! ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا واهەستدەکەین شتەکان ڕوون و شەفاف دەبینین؛ ئارەزووی من ئەوەیە شتەکان ئاڵۆزبکەم[11].**

---

[11]. جێی بیرخستنەوەیە کە مەبەستی ژیژەك لە ئاڵۆزکردن، زیاتر ئاڵۆزکردنی فیکری و ئایدیاییە. یان بە دەربڕینێکی تر، نایەوێت تووشی کورتکردنەوەگەرایی و ساویلکەیی ببێت لە تێڕوانیندا و دیاردەکان لە ڕەهەندێکدا قەتیسبکات. گەرنا نوسینی ژیژەك لەڕووی زمان و ڕاڤەوە، بەردەوام جۆرێك لە بوار بۆ خوێنەر دەهێڵێتەوە کە تێبگات و بەشداربێت لە بیرکردنەوەدا. لێرەشەوەیە پەنا بۆ نمونەی سادە و ڕۆژانەیی دەبات و فەلسەفە دەکاتە پرسێکی ناونشین و ئیمانێنت. خۆی لە جێیەکدا دەڵێت، بۆ ئەوەی شتێك لای لاکان تێبگەم، دەبێت وەریگێڕمە سەر ژیانی ڕۆژانە و کەلتوری عەوام و خۆم وەك گەمژەیەك وەربگرم تا تێی بگەم. ئەم سادەکردنەوەیە، هێندەی بریتییە لە قووڵکردنەوە و ئاڵۆزکردنی خوێندنەوەی شتەکان هێندە سادەکردنەوە نیە بە مانا باوەکەی- و

**بولاجیڤسکی: ئاماژەتان بۆ "جۆردەن پیتەرسن" کرد، و ئەویش لەژێر کاریگەریی کارل گۆستاڤ یۆنگدایە. بەگشتی چ کۆمێنت و ڕوونکردنەوەیەکت لەسەر دەروونشیکاری هەیە؟ چونکە لانیکەم لە ئەمریکا، ڕەنگە لەسەرەتاوە لەژێر کاریگەریی دەروونناسیی «ئیگۆی ئانا فرۆید»[12]دا بین؟ کارل یۆنگیش بەجۆرێك لە جۆرەکان کاریگەریی هەیە، تاڕادەیەکیش لەڕێگەی بزووتنەوەی سەردەمی نوێ(New Age )ـەوە...**

ژیژەك: کاریگەریی یۆنگ بە کەم وەرمەگرن. لە زۆربەی وڵاتاندا، مشتومڕی جدی لەسەر فرۆید دەکرێت، بەڵام زیاتر لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی، ڕەنگە دەروونشیکاری، فەلسەفە، و بازنە تیۆرییەکاندا. بەڵام بەرهەمەکانی یۆنگ هەمەپەسەندترن. کتێبەکانی، پڕفرۆشن. بۆنمونە، دوای کەوتنی کۆمۆنیزم لە ڕووسیا(یەکێتیی سۆڤیەتی جاران)، لەکاتێکدا کە کەس فرۆیدی لەبیرنەبوو، بیستم سەدان هەزار نوسخە و بگرە ملیۆنان نوسخەش لە بەرهەمەکانی یۆنگ فرۆشراوە، و هتد. باشە قبوڵمە، کاتمان نیە بچینە ناو وردەکارییەکانەوە، بەڵام دانی پیا دەنێم کە من ستالینییەکی کۆنەپەسەندم [و حەزم لە شتی کۆنباو و ڕەسەنە]. یۆنگ، ڕێیەکی هەڵەیە. یۆنگ جۆرێك لە نوسینەوەی تەمومژگەرای «سەردەمی نوێ»ـی فرۆیدە [واتە تەمومژکردن و بەڕۆحانیکردنێکی ئایدۆلۆژییانەی فرۆیدە لە "سەردەمی نوێ/نیوئەیج"دا کە پەرە بە ڕۆحانیەت و

---

[12]. Anna Freud’s ego

**زڕە عیرفانێکی هەنوکەیی دەدات]. بەڵام خۆیشتان دەزانن لە مشتومڕەکەمدا لەگەڵ جۆردەن پیتەرسن، بەتەواوی یۆنگم پشتگوێخستبوو.**

**لەوێدا کە تورە ببووم(وەك باسیدەکەن) هۆکارەکەی ئەوە بوو پیتەرسن کتوپڕ لە ڕەخنەکردنی هاشتاگی #MeToo و سیاسەتەکانی ڕەگەزگۆڕییەوە، بەشێوەیەکی تەواو ناڕەوا بازیدایە ناو ترسە وەسواسئامێزەکەی خۆیەوە دەرهەق بە مارکسیزمی کەلتوری[13]. زۆر لەناکاو یەکێك لەو بابەتە بنچینەییە ئایدۆلۆژییانەی هێنایەئاراوە کە موحافیزکارە نوێیەکان لە ئەوروپا حەزیان لێیەتی. ئەویش پاش کەوتنی ستالین، پاش شکستی شۆڕش لە ئەوروپای خۆرئاوا(غەربی) لە دەیەی 1920دا، سەنتەرێکی کۆمۆنیستیی تەمومژاوی و نەناسراو گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ناتوانین ڕاستەوخۆ خۆرئاوا لەناوببەین بۆیە دەبێت سەرەتا لەڕووی ئەخلاقییەوە تێکی بشکێنین. واتە بنەما ئەخلاقییە مەسیحییەکانی بکەینە ئامانج، بۆیە لەڕێگەی قوتابخانەی فرانکفۆرت و هتدەوە، ئەمانە چەپی کەلتورییان درووستکرد. ئەمانەش کۆی ئەم دیاردانە- فیمینیزمی پەڕگیر و ڕەگەزگۆڕگەرایی و هتد- بە دوادەرەنجامی ئەو شتە دەزانن**

---

[13]. مارکسیزمی کەلتوری(cultural Marxism)، ئاراستەیەکی تیۆریی ناو مارکسیزمە کە خوێندنەوەی کۆمەڵگا تەنیا لە ئابورییدا کورتناکاتەوە. لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا پەرە بەو ڕەهەندەی خوێندنەوەی کۆمەڵگا درا کە کەلتورییە و ڕۆڵی زەین و ئایدیا لەسەر ژیانی مرۆڤ دەردەخات. هەریەکە لە لۆکاچ و ئەدۆرنۆ و هۆرکهایمەر و مارکۆزە و هتد بایەخیان بەو دیوە کەلتورییانەی کۆمەڵگا دا کە سیستەم بەرهەمدێنێتەوە و زەینی کۆمەڵایەتی درووستدەکات و زۆرجاریش تا ئاستی فاشیزم دەڕوات. لەم خوێندنەوانەدا جیا لە مەسەلەی چینایەتی، گرنگی دەدرا بە کەمینە سەرکوتکراوەکان و پیشەسازیی کەلتور و کاریگەریی تەکنۆلۆژیا لەسەر بەرهەمهێنانەوەی سیستەم. تەنانەت ژانرە ئەدەبی و هونەرییەکان بەسترانەوە بە پرسی چینایەتییەوە و کۆمەڵێك شتیان بۆ زیادکرا کە مارکس و ئەنگڵس نەپەرژابوونە سەر- و

**که پێی دەوترێت مارکسیزمی کەلتوری کە گوایا دەیەوێت خۆرئاوا لەناوببات. بە بۆچوونی من، ئەمە قسەیەکی تەواو پڕوپووچە و لەگەڵ واقیعدا نایەتەوە.**

**خوێندنەوەی سەرلەنوێی دەقەکانی هۆرکهایمەر و ئەدۆرنۆ و ناوە گەورەکانی تری قوتابخانەی فرانکفۆرت بۆ دۆخی ئێستا شتێکی سەرنجڕاکێشە. بۆنمونە، دەبێت ئەمڕۆ ئەو تێکستەی کۆتاییەکانی دەیەی 1930ـی هۆرکهایمەر بەناوی «ئۆتۆریتە و خێزان» بخوێنینەوە کە خێزانی باوکسالاری تیا مەحکومناکات، بەڵکو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریی ئەو سەردەمەی خۆیدا، کۆمەڵگای باوکسالار تووشی کۆمەڵێك تەمومژی زۆر بووە. بەڵێ، باوکسالاری مۆدێلێکی سەرکوتکردنە و هتد، بەڵام هاوکات بەبێ ئۆتۆریتەی باوکسالارانە، مناڵ پێگەیەکی ئەخلاقیی ئۆتۆنۆمیی نابێت ئەو توانستەی پێ بدات جۆرێك لە ئۆتۆنۆمیی ئەخلاقی بەدەستبێنێت بۆ بەرەنگاریی ڕەخنەییانەی کۆمەڵگا [واتە تاکو ئۆتۆریتەیەکی باوکسالار و ڕێگر بوونی نەبێت، چۆن بیر لە بەرەنگاری و تێپەڕاندن بکەینەوە]. بۆیە، بۆ هەریەکە لە هۆرکهایمەر و ئەدۆرنۆی دواتر، شتەکان ڕوونن. کۆمەڵگایەك بەبێ ئۆتۆریتەی باوکسالارانە، کۆمەڵگایەکە کە لە دەستە و تاقمە گەنجە تاوانکارەکان پێکهاتووە، ئەو گەنجانەی کە پەرە بە بەهای هاوەڵەکانی خۆیان دەدەن، ئەو کەسانەی کە ناتوانن هەڵوێستێکی ڕەخنەیی دەرهەق بە کۆمەڵگا بگرنەبەر و هتد. ئەو وێنا هەڵەیەی کە ترس لە مارکسیزمی کەلتوری دایدەڕێژێت، شتێکی پێکەنیناوییە.**

بۆچوونی من لەم ڕووەوە، بەتەواوی پێچەوانەیە[14]. ئەو شتەی کە کەسانێکی وەك جۆردەن پیتەرسن پێی دەڵێن مارکسیزمی کەلتوری، ڕێك بەو جۆرەی کە بە تۆزێك شەڕەنگێزییەوە دەرمبڕیوە، یەکێکە لە دوا بەرگرییەکانی بۆرژوازی دەرهەق بە مارکسیزم. خۆ شتەکە ڕادیکاڵە، بەڵام بەشێوەیەکی هەڵە. من ناڵێم بێرنی ساندێرز، مارکسییە. بەپێی پێوەرەکانی نیوسەدەی پێش خۆی، تەنیا میانڕەوێکی ڕێژەییە؛ بەڵام پێشدەچێت یەکەمین ئەمریکیی سۆسیاڵ دیموکراتی جدی بێت لە چەند دەیەی ڕابردوودا. بەڵام خۆ تێگەیشتن کە چۆن یەکسەر کارەکەی سەریکێشا بۆ پێکدادان لەگەڵ خەڵکانی ڕەگەزگۆڕ و هاشتاگی #MeToo؟ جارێکیان لە بەیاننامەیەکی بەناوبانگدا[15] -کە هەر لەبەر ئەمەش خۆشمدەوێت- وتی: بۆ ژنێك هەر ئەوەندە بەس نیە بڵێت «من لاتینییم، دەنگم پێ بدە». ئێمە دەبێت بشپرسین: «ئۆکەی، عەیبی نیە، ئەی بەرنامەکەت چیە؟». هەر لەبەر ئەم ڕستەیەش بەوە تۆمەتباریانکرد کە لایەنگری باڵابوونی ڕەگەزی سپی یان«سپی سالاری»یە. هەر لەبەر ئەمەشە کە پێموایە ئەمەی پێی دەوترێت چەپی کەلتوری، یەکێکە لە تاوانبارە سەرەکییەکانی شکستی دیموکراسی؛ ئەو باجەی کە چەپە لیبراڵەکان بۆ وەسوەسەکەیان داویانە دەرهەق بەم شتە کەلتورییانە. ئای خوایە، ساڵ و نیوێك لەمەوبەر بێننەوە بیری خۆتان، گەر نیۆرك تایمزتان بکردایەتەوە، واتاندەزانی کێشە سەرەکییەکە ئەوەیە کە دەبێت چ جۆرە تەوالێتێکمان هەبێت. دوایيش تووشی ترامپ بووین!

---

14. https://www.jstor.org/stable/20685936?mag=getting-a-grip-on-slavoj-zizek-with-slavoj-zizek&seq=1#metadata_info_tab_contents

15. https://www.vox.com/identities/2017/10/13/16469216/bernie-sanders-womens-conference-speech

**بولاجیڤسکی: ئایا دەکرێت باسێکی ستایلی [نوسینی] خۆتان بکەن؟ لە هەندێ شوێنی جیاجیاوە بیستوومە کە بەوە ئاسودەیت وەکو ڕۆشنبیرێکی مەرجەع(ئۆتۆریتە) مامەڵەتان لەگەڵ بکرێت، وەك چەشنێك لە فیگەری باوك. نوکتەی پیس و بێشەرمانەمان هەیە، و وتووشتە کەیفم بە ناونیشانە ڕەسمییەکانی وەك «پرۆفیسۆر ژیژەك» نایەت.**

ژیژەك: بەڵام من کارەکەم [فیکرەکەم] بە هەند وەردەگرم. نامەوێت بە ڕێزەوە هەڵسوکەوتم لەگەڵ بکرێت، چونکە پێموایە هەمیشە جۆرێك لە شەڕەنگێزی لە ڕێزگرتندا نوستووە. لانیکەم لە دونیای مندا-کێ ناڵێت من لە دونیایەکی هەڵەدا ناژیم؟-، ئەم جۆرە ڕێزگرتنە هەمیشە بەهۆی جۆرێك لە زرنگییەوە، گوزارشتە لەوەی کە تۆ ئیشی کەسی بەرامبەر بەجدییەوە وەرناگریت. نامەوێت وەك کەسێك ڕێزم لێ بگرن. پێم گرنگ نیە چۆن بانگم دەکەن، بە «سلاڤۆی» بانگم دەکەن یان گەمژۆکە [و نەخۆش]؛ هەرچی بێت. دەمەوێت تەرکیز بخەنە سەر بەرهەمەکانم.

لێرەدا کەمێك پەرتدەبم. دەزانن لەکوێدا دەتوانن بمخەنە داوەوە؟ لەلایەکەوە، قسەکەم ئەوەیە کە دەمەوێت تەرکیز بخەنە سەر بەرهەمەکانم. بەڵام لە بەرهەمەکانی مندا و پێدەچێت لە وتاردانەکانیشدا، بەئاشکرا جۆرێك لە وەسوەسەم هەیە کە کارەکەم خۆش و سەرگەرمکەر بێت و سەرنجەکان بەرەو لای خۆی ڕابکێشێت. بۆیە بەڵێ، گرفتێکم هەیە. لەبەر ئەمەشە زۆر زیاتر حەزم لە نوسینە نەك وتاردان و گفتوگۆ. چونکە لە نوسیندا دەتوانیت لەسەر ئەو

شته چڕبیتەوە کە لەبارەیەوە دەنوسیت. قسەیەکیش دەکەم تاکو تووشی حەپەسانتان بکەم. باشترین دەرس و عیبرەتیش کە لە دەیەکانی ڕابردووەوە وەرمگرتووە ئەوەیە کە کتێبە فەلسەفییەکانم، گەرچی وا دادەنرێت ناخوێنرێنەوە و درێژدادڕانەن و زۆر قورسن، لە کتێبە سیاسییەکانم باشتر دەفرۆشرێن. سەیر نیە؟

ئەو وانەیەی کە دەبێت وەریبگرین ئەوەیە خەڵك بە کەم وەرنەگرین. گرنگ نیە هەندێك کەسی ڕەشبین چی دەڵێن، دەڵێن خەڵك گەمژەیە و دەبێت کتێبی بچوك بنوسیت، یان دەڵێن تەنیا ڕاپۆرت بنوسە و ئامۆژگاریی پراکتیکی بخەڕوو. نەخێر. هێشتا عاممەیەکی جدیی ئەهلی فیکر لە چواردەورماندا هەن. ئەمە ئەو شتەیە کە هیوام پێ دەبەخشێت.

**بولاجیڤسکی: هەمیشە ئەو چاوەڕوانییەمان هەیە هەرکات ڕۆشنبیران لەنێو خەڵکدا دەرکەوتن، جۆرێك لە جدییەت و شێلگیریان تیا بێت، و ئاشکرایە ئەم شتانە لە تۆدا بوونی نیە؛ هەتا دوور نیە ئەم وێنەیەش بشێوێنیت. ئەمە کاریگەرییەکەت سنوردارناکات؟**

ژیژەك: بەڵێ هاوڕاتانم. خاڵێکی زۆرجوانە. تاڕادەیەك دەتوانن بڵێن ئەو شتەی کە هەندێ کەس بە ناوبانگی منی دادەنێن، لەڕاستییدا ئەرگۆمێنتێکی جوان و ناسکە دژی خۆم. خەڵکی دەڵێن: «کابرایەکی خۆشە، بڕۆ گوێی لێ بگرە، بەڵام زۆریش بە جدی وەریمەگرە». ئەمە تۆزێك بێتاقەتم دەکات، چونکە

زۆرجار خەڵك خەياڵيان لای ئەوە نيە چی دەڵێم. بۆنمونە، لەم حاڵەتەدا زۆری نەماوە شێت ببم، مەبەستم ڕەخنە و ڕانانەکەی "جۆن گرەی"یە لە نیۆرك ڕیڤیو دەربارەی کتێبی «کەمتر لە هیچ». ڕەنگە نوسینەکەیتان بینیبێت. «کەمتر لە هیچ» کتێبێکی ئاڵۆزە دەربارەی هیگڵ. ئەمەم لەگەڵ هەندێك هاوڕێمدا تاقیکردەوە کە تەنیا ڕانانەکەی "گرەی"یان خوێندبووەوە. لێم پرسین، بۆچوونتان لەسەر کتێبەکە چیە؟ پرسیم: بانگەشەی من لەم کتێبەدا چیە؟ هیچ بیرۆکە و ئایدیایەکیان نەبوو. ئەو ڕەخنە و ڕانانە تەنیا پەنجەی خستبووە سەر هەندێك وردەکاری کە لەڕووی سیاسییەوە کێشەدار و زیادە بوون. بەڵام ئای خوایە، من کتێبێکم لەسەر هیگڵ نوسیوە، ئەی نابێت بزانم چیم وتووە؟ هەر بەتەواوی پشتگوێخرابوو. بەڵام لەلایەکی تریشەوە پێموایە نابێت لێرەدا زۆر گلەیی و گازندە بکەم؛ چونکە وەك دەزانن ئەمە شتێکە بۆ فەیلەسوفان ڕوودەدات. هەمان شت بۆ هایدگەر ڕوویدا، بۆ قوتابخانەی فرانکفۆرت ڕوویدا، بۆ لاکان ڕوویدا، و هتد. هێندە هەیە دەبێت ئەم واقیعە قبوڵبکەیت و بگوزەرێیت. فەیلەسوفەکان بۆ ئەوە هەن تا لە زۆرحاڵەتدا ڕووبەڕووی بەدحاڵیبوون [ـی خەڵك] بینەوە.

**بولاجیڤسکی: ئایا دیوی تاریکی بەرهەمەکانت، زیاتر لە فیلمەکانتدا بەدیناکرێت...«ڕێبەری لادەر بۆ...»؟**

ژیژەك: هەرگیز بیرم لەمە نەکردبووەوە، بەڵام دەتوانم نهێنییەکی ترتان پێ بڵێم؟ سۆفی فینیس، مەحەبەتی زۆرم لەگەڵ دەنوێنێت و ئەم دوو فیلمەمان پێکەوە

ئەنجامدا، بەڵام ئایا زانیوتانە ڕقم لە درووستکردنیان دەبووەوە؟ ئەداکردنی بەردەم کامێرا بۆ من [مۆتەکە و] تراومایە، بەتایبەت گەر بێتو وەك ئەکتەرێك مامەڵەم لەگەڵ بکرێت. بۆنمونە، کەڕەتێکیان خەریکبووم هەروا خۆڕسکانە و سەرپێیانە بۆ ماوەی 20 خولەکێك قسەمدەکرد، پاشان "سۆفی فینس" پێی وتم: «ناوازە بوو سلاڤۆی، بەڵام دەنگەکە کێشەی تیا بوو، دەتوانی دووبارەی بکەیتەوە؟» . خۆ سۆفی هاوڕێمە، بەڵام لەو چرکەساتەدا حەزمدەکرد لە ملی بدەم! سەیرکە ئاخر ئەو دەنگە نەفرەتییە چ بایەخێکی هەیە...خودایە...خەریکبووم سەرکەوتووانە پەرەم بە هێڵێکی فیکری دەدا، خۆڕسکانە شتم دەوت، ڕۆڵم نەدەبینی تاکو لەبەر دەقەکە شت بخوێنمەوە، جا وەرە دواوە و سەرلەنوێ ئەدای بکەوە! مۆتەکەیەك بوو یەخەی گرتم.

**بولاجیڤسکی: بەڵام هەمان تۆن لە فیلمەکانتدا دەگوزەرێت. وەك بڵێی فیلمەکان شووم بن.**

ژیژەك: ڕاستدەکەیت. دەزانیت خاڵە گرنگەکە لێرەدا چیە؟ ڕەنگە ئەمە بەپێی زمانە باوەکە، یەکێك بێت لە «قومارە وجودییەکان»ـی من. بۆ ئەوەی چەپێکی ڕادیکاڵ بیت، پێویستت بەوە نیە وەك گەشبینێکی گەمژە دەرکەویت؛ بۆنمونە باوەڕت بەوە هەبێت کە ئەگەر سەرمایەداری و سەرکوت نەبوایە ئەوا خەڵك شاد و بەختەوەر دەبوون و کۆمەڵگایەکی نوێمان بنیاتدەنا. نەخێر! لە دوا کتێبی

تیۆرییمدا، واتە *خۆڕانەگرتنی بۆشایی*[16]، ڕوون و ڕاشکاو دوای ئەو مەسەلەیە دەکەوم کە چۆن لە ئاستی جیاجیادا، گەر شتێکی هاوشێوەی کۆمۆنیزمیش هەبوایە ئەوا پێدەچوو خەڵك زیاتر ناشادتر و نابەختەوەرتر بوونایە. ژیان تراژیدییتر دەبوو. پێموایە نابێت بەختەوەری و ئەم کاتیگۆرییە دەروونناسییانە تێکەڵ بە سیاسەتی پێشکەوتنخوازانە بکەین.

لە گۆڤاری ئەنتەرنێتیی *فیلۆسۆفیکاڵ ساڵۆن*[17] بابەتێکم لە ڕەخنەکردنی ئەو لێکۆڵینەوانەدا بڵاوکردەوە کە لە بەختەوەری دەکۆڵنەوە و لەوێدا تا کۆتایی شتەکە ڕۆیشتووم. وتوومە بەختەوەری کاتیگۆرییەکی ئەخلاقی نیە بەڵکو کاتیگۆرییەکی سەر بە سازشکردنە. بۆ ئەوەی شاد و بەختەوەر بیت، دەبێت ڕیاکار و گەمژە بیت. لەم ڕووەوە تادێت، خراپتر بیردەکەمەوە. پێموایە خەلاقیەت(گەر بتوانم ئەم چەمکە قەبەیە بەکاربێنم) شتێکە بەختەوەرتان ناکات. خەلاقیەت(ئەفراندن و داهێنەربوون)، گەلێك شۆکهێنەر و ئازاردەرە. سەبارەت بە عەشقیش هەر وایە: هیچ عەشقێکی بەختەوەرانە بوونی نیە، نەك بەو مانایەی کە هەمیشە بەهەڵە دەکەوێتەوە، بەڵکو گەر بیرتانبێتەوە بە چی جۆشوخرۆشێکەوە عاشقدەبن، ئیلاهی، سەقامگیری لە ژیانتاندا نامێنێت! هاوسەنگیی هەمووشتێك تێکدەچێت، ئەوەشی نرخی هەیە بەس توندی و تین و تاوە. هیچ شتێکی بەختەوەرانەی تیا نیە.

---

[16]. Incontinence of the Void

[17]. HAPPINESS? NO, THANKS! BY SLAVOJ ŽIŽEK: the philosophicalsalon.com

**بولاجیڤسکی: تۆ لە کتێبی "خۆڕانەگرتنی بۆشایی"دا، نوسیوتە: «ئەوە تەنیا هیسترییایە، "زانینی نویێ" بەرهەمدێنێت. بەپێچەوانەی گوتاری زانکۆوە کە تەنیا "زانین" بەرهەمدێنێت». بەپێی ئەوەی خۆت هەوڵدەدەیت لە بەرهەمەکانتدا پێی بگەیت، چۆنچۆنی لەم گوزارەیە تێبگەین؟**

ژیژەك: دیارە ئەمە قسەیەکی تازە نیە کە من کردبێتم. تەنیا قسەکەی لاکانم کردۆتەوە و ئەوەی فرۆیدیش. لەوێدا گەر باش لەبیرتان بێت، ئامانجەکە ڕووی لە لادان(perversion)ـە. واتە دوژمنداریيە کۆنەکەی من لەگەڵ ئایاری 68دا ، ئەویش لەو جێیەدا کە ئایدیاکە ئەوەیە *لادەرەکان ڕادیکاڵن*. ئەوانە تەنانەت قسەی فرۆید قەرزدەکەن، ئەو فرۆیدەی کە دەڵێت کەسە هیستریاییەکان تەمومژاویین، چونکە تەنیا ئاغا بەهۆی بانگهێشتێکی نهێنییانەی ئاغایەکی تازەتر و ڕەسەنترەوە دەورووژێنن، لەکاتێکدا لادەرەکان تا کۆتایی مەسەلەکە دەڕۆنەپێشێ. لێرەدا پێموایە دەبێت کۆی [نەزم] و تانوپۆکە بگۆڕین. نەخێر! لادەرەکان، درووستکەری دەسەڵاتن. هەموو دەسەڵاتێك پێویستی بە لادەرێکی نهێنیی و ژێرزەمینی هەیە.

**بولاجیڤسکی: بەڵام ئێستا ترامپمان هەیە و ترامپ بە ئاراستەی لادانادا دەڕوات، وانیە؟ وەك بڵێی چێژ لە شکاندنی نۆرمەکان دەبینێت؟**

ژیژەك: تاڕادەیەك بەڵێ. بە بۆچوونی من چ کەسێك سەمپتۆم یان نیشانەی نەخۆشیی ترامپە؟ستیڤان بەنۆن. گەر سەیری پێشنیارە ئابورییەکانی بکەیت ئەوا

**شتێك دەڵێت كە عادەتەن چەپەكان دەیڵێن و ئەمڕۆ هیچ سۆسیاڵ دیموكراتێك جورئەتی وتنی ئەوەی نیە: بەرزكردنەوەی باج بەڕێژەی 50% بۆ دەوڵەمەندەكان و دامەزراوە گەورە دەوڵەتییەكان. ئەمەش تراژیدیا گشتییەكەی سەردەمی خۆمانە، ئەوەی كە چەپە میانڕەوەكان بوونەتە چەپی كەلتوری و ڕاستڕەوە پۆپۆلیستەكانیش تەنانەت بەسەر زۆرێك لە مۆتیفەكانی سۆسیاڵ دیموكراتە كۆنەكەدا زاڵبوونە. سۆسیاڵ دیموكراسی لە ئەوروپا، تەنانەت لە ئەمریكاش زیاتر، بەرەو لەناوچوون دەچێت. لەبەر ئەمەشە كە پێمواية كەسانێكی وەك بێرنی ساندێرز گرنگن.**

**وەكچۆن بەشێك لە چاودێرانی ئەهلی فیكر نوسیویانە، ساندێرز توانیی كەسانێكی زۆر بەرەو چەپ سازوئامادەبكات كە لە غیابی ئەودا دەنگیان بە ترامپ دەدا. بەڵام لەلایەكی ترەوە، كاتێك دەربارەی ترامپ وەك لادەرێك پرسیاردەكەیت، بەڵێ لەگەڵتان كۆكم، بەتایبەت بەم مانایە- چونكە لەم حاڵەتەدا من هێشتا هەر ئەخلاقگەرایەكی كلاسیكم [و ڕەفتارەكانی ترامپ بە لادان دەزانم]. لە دیدی منەوە دەبوو درووشمی نوێی چەپەكان ئەمە بێت: «ئێمە زۆرینەی ئەخلاقگەراین». مەبەستم ئەمەیە: سەیری وتاردانەكانی ترامپ بكەن و ببین چۆن ئاستی گوفتاری گشتی دابەزیوە. ئەو شتانەی ئەو لە فەزای گشتییدا دەیڵێت، بەر لە دوو سێ دەیەیەك وتنیان ئەستەم بوو. تەنیا هەر لە ویلایەتە یەكگرتووەكانیش بەم جۆرە نیە. لە ئەوروپاش لەوە باشتر نیە. لەڕاستییدا لە سەردەمێكدا دەژین دەبێت پێی بڵێین سەردەمی بەرەودواوەچوونی ئایدۆلۆژی.**

مێژوو هەمیشە بەرەو پێشەوە ناڕوات. ئەمە ئەو شتەیە کە هیتلەر بەهۆی فاشیزمەوە ئەنجامیدا. ئەو شتانەشی کە پێش ئەمە بەشێك بوون لە فەزای گشتی، کە لە کۆمەڵێك گفتوگۆی گەمژانەدا لە کافتریا بچوکەکاندا قەتیسدەکران و تەنیا شتانی ناشیرین و قێزەون باسدەکرا، ئێستا بوونەتە بەشێك لە ئاخاوتنی گشتی. لە ئەوروپاش بە هەمان شێوەیە.

## بولاجیڤسکی: زۆرباشە، با بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی کە « تەنیا هیستریا "زانینی نوێ" بەرهەمدێنێت».

ژیژەك: بیرتان ماوە هیستریا چی بوو؟ گەر سادەی بکەینەوە، ئەوا لەڕوانگەیەکی دەروونشیکارانەوە، کۆمەڵگا شوناسێکتان پێ دەبەخشێت. مامۆستایت، ژنیت، دایکیت، فیمینیستیت، یان هەر شتێکی تریش. ژێستی سەرەکیی مرۆڤی هیستریایی، ئەوەیە کە پرسیارێك تەرحدەکات و گومان لە شوناسەکەی خۆیشی دەکات: «ئێوە پێم دەڵێن تۆ ئەوەیت، بەڵام بۆچی ئەمەم؟چی شتێك منی کردووە بەمە؟». فیمینیزم بەم پرسیارە هیستریاییە دەستپێدەکات: ئایدۆلۆژیای باوکسالارانەی نێر، ژنان لە یەك پێگە و شوناسدا سنورداردەکات و ئێوەش دەپرسن: «ئاخۆ بەڕاست من ئەوەم؟». یان گەر پرسیارە دێرینەکەی جۆلێت لە ڕۆمیۆ بپرسین: «من ئەو ناوەم؟» ئەی «بۆچی ئەوەم؟». بۆیە هیستریا بریتییە لەم گومانکردنە بنچینەییە دەرهەق بە شوناسی خۆتان.

خەڵك زۆرجار لەسەر بنەمای ئەو هەڵچوون و لەخۆدەرچوونانە بە کەسێکی هیستریاییم دادەنێن کە هەمە. زۆرباشە، جا بۆ نا؟ کەسێکی هیستریاییم و تەواو. بەڵام دەزانن چ شتێك هیوام دەداتێ؟ ژاك لاکان بەجوانی وەسفی هیگڵ دەکات و پێی دەڵێت «باڵاترینی ناو هەموو کەسە هیستریاییەکان»، چونکە دیالەکتیك بەتەواوی بریتییە لەم پرسیارکردنە ڕوولەخۆیە، بریتییە لە خستنەبەرپرسیاری هەموو پێگەیەك. لەبەرئەمەش بوو هیگڵ ئاگای لە ڕەهەندی ژنانە(فێمینە) بوو. لە خوێندنەوەکەیدا بۆ ئەنتیگۆنا دەڵێت ژن ئایرۆنیی[18] هەمیشەیی مێژووی مرۆڤە، ڕێك لەبەر ئەم پرسیارە ئایرۆنییانە. من دووجارێك ئەمەم ئەزموونکردووە(ئەم جیاوازییە ڕەگەزییانە شتێکی سەرەتایی و بەدەوییانەیە، بەڵام چرکەیەك لە حەقیقەتیشیان تیایە). کاتێك قسە لەگەڵ ژنێك دەکەم، ئیدی جاروبار دەستەویەخەی تێڕامان دەبمەوە لەگەڵ خۆم و کتوپڕ تێدەگەم کەوتوومەتە ناو گەمەیەکەوە زۆر زیادلەڕادە خۆمم بە جدی وەرگرتووە. پاشانیش لەناو ئەو ژنەدا کە هاوبەشی گفتوگۆکەمە، جۆرێك لە نیگای بێدەنگانەی گاڵتەپێکردن دەبینم: شتێکی وەك ئەمە «ئەم شتە پڕوپووچە چیە بە منی دەڵێیت؟» نەك ئایرۆنییەکی دڕندانەی ناڕاستەوخۆ، بەڵکو جۆرێك لە نیگای زەقی بێدەنگ کە پیاو تێکدەشکێنێت.

---

18. irony: بە حەقیقەت گەیشتنە بۆ سوقرات لای بۆنمونە کە گفتوگۆدا لە خۆگێلکردن و تەوس

**بولاجیڤسکی: هەندێجار کە ڕەخنەی بەرهەمەکانتیان کردووە، وتوویانە بەرهەمەکانت سیستەماتیك و ڕێکخراو نین. ئایا بەئەنقەست ئەمە دەکەیت؟ پێشتر وتتان ئەوەی وەك فەیلەسوف هەوڵدەدەن بیکەن ڕوونکردنەوەی شتەکان نیە، بەڵکو کێشەدارکردنی شتەکانە.**

ژیژەك: هاوکات دەبێت ئەوەش بڵێم کە هەرچەندە حەزم لە بەکارهێنانی نوکتە و چیرۆکە، کەچی لەڕاستییدا هەوڵدەدەم شتەکان بەڕوونی دەربېڕم. بەڵام لەم ڕووەوە کۆمەڵێك هاوەڵی باشم هەیە. بۆنمونە، «فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح» بە نمونە وەربگرن، کە پێدەچێت گەورەترین بەرهەمی فەلسەفیی هەموو سەردەمەکان بێت. زۆرجار ڕەخنە و پیتك لەوەش دەردێنن: گوایا ڕوون نیە هەڵوێستی هیگڵ چیە، وەك بڵێی هەر چرکەیەك لەم پێگەیەوە بۆ ئەویتریان بازدەدات، بەشێوەیەکی ئایرۆنی پێگەکانی خۆی وێراندەکات و هتد. بەجۆرێك لە جۆرەکان، هەر لەسەرەتاوە و لە پرسیارکردنەکانی سوقراتەوە، فەلسەفە بەم جۆرە بووە. بەبێ ئەم بەرخستنەپرسیارە هیسترییاییەی ئۆتۆریتە، هیچ فەلسەفەیەك بوونی نابێت و هەر لەبەر ئەمەش وەك هاوڕێم ئالان بادیۆ وتوویەتی، شتێکی ڕێکەوت نیە کە سوقرات لەبەر فاسدکردنی گەنجەکان بە مردن مەحکومدەکرێت. فەلسەفە هەر لەسەرەتاوە ئەم کارەی کردووە. باشترین پێناسەی فەلسەفە بریتییە لە «فاسدکردنی گەنجەکان»، ئەویش بەو مانایەی کە لە خەوی دونیابینییە دۆگماییە باڵادەستەکە بێداریاندەکاتەوە. بەڵام ئەمڕۆ ئەم فاسدکردنە، ئاڵۆزترە. چونکە گومانکردنی بەردەوام لە خۆ، پرسیارکاری، و

ئایرۆنی بووەتە بەشێك لە تێڕوانینی باو و باڵادەست. ئەمڕۆ ئایدۆلۆژیای ڕەسمی پێتان ناڵێت «مەسیحییەکی باوەڕدار بە»، بەڵکو جۆرێك لە ئایدیاڵی پۆستمۆدێرنانە دەخاتەڕوو وەك «لەگەڵ خۆت ڕاستگۆ بە، خۆت بگۆڕە، سەرلەنوێ خۆت درووستکەوە، گومان لە هەمووشتێ بکە». بۆیە حاڵی حازر، ڕێگەکەمان بۆ فاسدکردنی گەنجان ئاڵۆزتربووە.

**بولاجیڤسکی: زۆرجار وەك بیریارێکی زۆر هەڵاساز وەسفتدەکەن، بەڵام لای من وەك زیادەڕۆییەك دەردەکەوێت. ئایا خۆیشت هەر پێتوایە هەڵاساز و وروووژێنەر نیت؟**

ژیژەك: ئاماژەت بۆ خاڵێکی جوان کرد. ڕاستییەکەی قبوڵمە. هەمیشە قسە لەگەڵ کەسانێکدا دەکەم کە دەڵێن « تۆ خۆت ئاگات لێیە کە قسەکەت هیچی بەسەر هیچەوە نیە، ناکرێت بەجدییەوە بیکەیت». هەرکات شتانێکی وەك ئەمە دەڵێن، یەکسەر باسەکەم بەشێوەیەك ڕووندەکەمەوە کە بۆ تێگەیشتنی عاممەی خەڵك دەستبدات، و هیچ قسەیەکی زل و شۆڕشگێڕانە ناکەم. من دەڵێم ئەمڕۆ پێویستمان بە سیاسەتێکی نەختێك ڕادیکاڵترە، بەڵام شتێکی وەك سۆسیاڵ دیموکراسی. من بەتوندی دژی هەموو ئەو ئایدیایانەم کە سەر بە «دژی چاکە و خراپە» نیچەییەکەن. من لایەنگری جۆرێك لە ئەخلاقیاتی گشتییم. ئەمە هیچ هەڵا و وروووژاندنێکی گەورەی تیا نیە.

تەنانەت لە فەلسەفەدا، بانگەشەی ئەوە ناکەم شتێکی تەواو تازەم هێنابێتەکایەوە. تەنیا هەوڵدەدەم ئەوەی پێشتر لە هیگڵدا بینیومە، ڕوونیبکەمەوە. بەڵام با باسی شتێکی تریش بکەم کە لە قسەکەتاندا پەسەندی دەکەم و ڕەنگیشە هیوای شاراوەی من بێت. ئایا دەزانیت هەموو دابڕانە گەورەکان یان زۆرینەیان لە مێژووی فیکردا، جۆرێك بوون لە گەڕانەوە بۆ سەرچاوەیەکی بنەڕەتی؟ هەمیشە کە باس دێتە سەر ئەمە، مارتن لۆتەر بە نمونە دێنمەوە. ئامانجی ئەو ئەوە نەبوو شۆڕش بەرپابکات، بەڵکو دەیویست بگەڕێتەوە بۆ پەیامە ڕاستەقینەکەی مەسیح دژی پاپا و هتد.    بەم جۆرە، یەکێك لە گەورەترین شۆڕشە فیکرییەکانی ئەنجامدا کە هەموو شتێکی تیا گۆڕا.  پێموایە، بەشێوەیەکی ناکۆك و پارادۆکسانە، ئەمە جۆرێك لە وەهمی پێویست و ناچارییە. بۆ ئەوەی شتێکی نویێ بکەیت، ڕەنگە پێویستبکات بگەڕێیتەوە بۆ ڕابردوویەکی ڕەسەنتر. دەبێت بەهەڵە وێنای ئەوە بکەیت کە لەڕابردوودا شتەکە وەها بووە. ئەوپەڕی نمونەکەشی بە ئەمە دەزانم: وەکچۆن زۆرکەس تێی گەیشتوون، ئاشکرایە ژاك لاکان باسی گەڕانەوەی دەکرد بۆ فرۆید. باشە، ئەم فرۆیدە تاڕادەیەکی زۆر ئەو شتەیە کە لاکان لە خودی فرۆیددا دۆزیویەتیەوە [نەك کۆپیی فرۆید]. بەڵام لەوەش گرنگتر ئەو درز و کەلێنانەیە کە ئەو لە فرۆیددا بینیویەتی و پڕیکردوونەتەوە. هەرگیز نابێت ئەوەش لەبیرکەین کە لاکان هەمووشت تێکەڵ بەیەکتر دەکات و شۆڕشێك لە دەروونشیکارییدا دەخولقێنێت؛ خۆیشی تەنیا بەو کەسە دەزانێت کە گەڕاوەتەوە بۆ فرۆید. هەر لەبەر ئەمەش حەزم لەم

بیرۆکەیەیە. بە بۆچوونی من، شۆڕشە ڕاستەقینەکان دیویٚکی موحافیزکارانەیان هەیە.

نمونەیەکی تر دێنمەوە کە ڕەنگە حەزی لیٚ بکەن. لە سەرەتای مۆدێرنەدا، هەموو ڕادیکاڵەکان، ئەزموونگەراکان، یان هەرکەسێکی تریش، لەڕاستیدا درکیان بە مۆدێرنە نەکرد. یەکێك لەوانەی کە بەڕاستی تێگەیشت مۆدێرنە چیە، پاسکاڵ بوو. بەڵام کێشەکەی ئەو ئەوە نەبوو بڵێت «وەرن با لە ڕابردوو دابڕێین»، بەڵکو ڕێك کێشەکەی ئەوە بوو کە چۆن لە بارودۆخی نوێی زانست و مۆدێرنەدا دەتوانین وەك مەسیحییەکی ئۆرتۆدۆکس بمێنینەوە. بۆیە، لە شەیدایانی ئەزموون و زانست زۆرباشتر تێگەیشتبوو کە زانستی مۆدێرن چ شتێك [ـی نەرێنی] لەگەڵ خۆیدا دێنێت. ڕەنگە ئەو شتەی موحافیزکارانە دەردەکەوێت، توانات پێبدات شتانێك ببینیت کە ئەوانیتر نەتوانن ببینن.

نمونەیەکی تر، کە هەمیشە سەرنجی من بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت بریتییە لە پەڕینەوە لە سینەمای «بێدەنگ»ـەوە بۆ سینەمای «دەنگدار». ئەوانەی بەشێوەیەکی خۆڕسکانە بەڕووی ئەم پەڕینەوەیەدا دەوەستانەوە-لە ئاڤانگاردە ڕووسەکانەوە تا چارلی چاپلین- زۆرباش درکیان بە ڕەهەندە نەناسراوەکانی ئەو شتە دەکرد کە خەریکبوو ڕوویدەدا. وەك لە کتێبەکەشمدا پەرژاومەتە سەر ئەم بابەتە، چارلی چاپلین نزیکەی 10 ساڵ بەڕووی فیلمێکی تەواو دەنگداردا وەستایەوە، وانەبوو؟ فیلمێکی سەرەتایی کە دەنگی تیایە، واتە فیلمی

**ڕووناکییەکانی شار[19](1936) تەنیا مۆسیقای تیا بەکاردەهێنێت. پاشان لە فیلمی «سەردەمی مۆدێرن[20]»دا دەنگ و ئاخاوتنی مرۆڤەکان دەبیستیت بەڵام ئەم دەنگە هەمیشە بەشێکە لە گێڕانەوەکە. بۆنمونە، ئەو کاتە دەنگی قسەکردنی مرۆڤەکان دەبیستیت کە لە ڕادیۆیەکەوە پەخشکراوە و لە فیلمەکەدا پیشاندەدرێت. تەنیا لە فیلمی دیکتاتۆری گەورە[21](1940)دایە کە ئەکتەرەکان قسەدەکەن. بەڵام دەنگی کێ دەبیستیت؟ هیتلەر، ئەویش بە هاتوهاوارە بەربەرییەکانی خۆیەوە. بۆیە چاپلین وەك موحافیزکارێك ئەم ڕەهەندە هەڕەشەکەر و ترسناك(مردووی زیندوو) و ناسەقامگیرکەرەی ڕەهەندی دەنگی دەبینی؛ لەکاتێکدا کە ئەو لایەنگرە ئەحمەقانەی سینەمای دەنگدار ئەم دۆخەیان وەك جۆرە واقیعبینییەکی گەوجانە وەردەگرت، دەیانوت «چاکە، ئیتر "دەنگ"یشمان هەیە، ئیتر واقیع بەشێوەیەکی قەناعەتپێکەرتر و واقیعییتر بەرهەمدێنێنەوە[22]».**

**لەبەر ئەمەشە کەسێکی وەك ڕەی کروزویل(Ray Kurzweil )م خۆشناوێت. لەو تێڕوانینەدا کە بۆ تاقانەیی(Singularity) هەیەتی، شتێك لەبیرکراوە. زۆر سادەیە، ڕاستە بەڵێ، هەمووومان دەبینە بەشێك لە تاقانەیی [کە گوایا مرۆڤ بەهۆی پێشکەوتنەکانی خۆیەوە هۆش و زیرەکییەکی دەستکرد و ڕۆبۆتئاسا دێنێتەئاراوە**

---

[19]. City Lights
[20]. Modern Times
[21]. The Great Dictator
[22]. بۆ تێگەیشتن لەم بەرگرییەی ژیژەك لە بێدەنگی و سینەمای بێدەنگ، دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ کتێبی «چێژ لە سەمپتۆمەکەت وەرگرە»، کە ژیژەك خۆی نوسیویەتی، بەشی یەکەم. لە زۆر نوسین و وتاری تریشدا ئاماژەی پێکردووە وەك: «دەنگ و نیگا وەك ئۆبێکت».- و

**و بەسەر خۆیدا زاڵدەبێت] . کروزویل تەنانەت ئاوڕ لە پرسیارە سەرەکییەکانیش ناداتەوە: ئەمە چ گۆڕانێك بەسەر شوناسماندا دێنێت؟ لێرەدا ڕادەبوێرێت. پێی وایە ئەم هەموو شتە گەورەیە ڕوودەدات، بەڵام هەر وەك مرۆڤەکەی پێشوو دەمێنینەوە، هێندە نەبێت برێك توانای ترمان بۆ زیاددەبێت.**

کۆتایی حوزەیرانی 2018، لیوبلیانا

**سەرچاوەی ئینگلیزی:**

Getting a Grip on Slavoj Žižek (with Slavoj Žižek) Mike Bulajewski June 27, 2018

**سەرچاوەی فارسی:**

**گفتگو با اسلاوی ژیژک: ترجمۀ :محمد باسط ، وبسایت ترجمان، علوم انسانی،** ١٣٩٧ .

# Interview with slavoj zizek

2018 www.negativegroup.org